یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆنگرە دەبەستێت و بەیاری بەشداری نەکردنی لە حکومەت هەڕەم دا



یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆنگرە دەبەستێت و بەیاری بەشداری نەکردنی لە حکومەت هەڕەم دا.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەمڕۆ یەکشەممە کۆبوونەوەی لەشاری هەولێر ئەنجامدا و دوای کۆبوونەوەکە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا لە هۆڵی (شەهید فوئاد چەلەبی) لە شاری هەولێر بە سەرۆکایەتی هادی عەلی و ئامادەبوونی سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتوو.

سەبارەت بە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کوردستان و شێوازی ئەنجامدانەکەی و دەرئەنجامەکانی، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتوو نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر لایەنەکانی دەسەڵات کە جارێکی تر وەڵای بەکارهێنانی سامانی گشتی و دەزگاکانی دەسەڵات لە بەرژەوەندی خەیان، بەوەش نەوەستان پێنایان بردە بە چەندین شێوازی گوشارو ساختەکاری و کاری نایاسایی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی دەنگ و ژمارەی کورسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و چەند لایەنی تری ئۆپۆزسیۆن، بەو هیوەو ڕاستەوخۆ هەر لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بڕیارەکان لە لایەن کەمسیۆنەوە، ئەوەبوو دەزگای هەڵبژاردن و فرکسیۆنی یەکگرتوو لە بەغدا ڕاسپێردران بە بەدواداچوونی ساختەکاریەکان و کەکردنەوەی بەگژو دیکەمێنتی

پێویست بە مەبەستی تەمارکردنی سکاڵاو تانەدان لە ئەنجامەکان.

هەروەک کەبوونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتوو ئیسلامی جەختی کردەوە لە سەر بەیاری بەشداری نەکردنی یەکگرتوو لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێم و درێژدان بە ماوەی ئێپەنزسینی خەی لە پەرلەمانی کوردستان.

سەبارەت بە کەنگرەی داهاتووی حیزب، کەبونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بەیاریدا کەنگرە لەکاتی خێیدا پێش کەتایی ئەمساڵی/2024 ئەنجام بدرێت، بە ئەو مەبەستە بەیاری پێویستی وەرگرت و چەند لیژنەیەکی راسپارد بە تەواوکردنی ئامادەکاریەکان بە گردانی کەنگرەی نەیەم لە کاتی دیاریکراوی خێیدا.